# نە ئەتاتورک ڕیفۆرمیست بوو و نە تورکیاش سێکولارە

## ئەمجەد شاکەلی

لە سەردانێکیدا بۆ ئیستەنبوولی تورکیا، نێچیرڤان بارزانی، لە لایەن ڕۆژنامەی ڤەتەن(Vatan)ەوە، دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجام دراوە. ڕۆژنامەڤان، ئەلیف ئەرگو(**Elif Ergu**)، ئەو دیدارەی ساز کردووە. لەو دیدارەدا، کۆمەڵێک پرسیار لە نێچیرڤان بارزانی کراوە. یەکێک لەو پرسیارانەی، کە ئەرگو کردوویەتی، ئەوەیە، ئایا کورد دەیەوێت دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا نێچیرڤان بارزانی دەڵێت: "هەموو نەتەوەیەک دەیەوێت سەربەخۆ بێت. نەتەوەی کوردیش بۆ خۆی نەتەوەیەکە و دەیەوێت سەربەخۆ بێت، بەڵام بۆ ئێمە وەڵامی پرسیاری "دەتانەوێت دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە نێو عیراقدا دامەزرێنن؟"، "نا"یە. ئێمە واقیع بینین. ئێمە لەگەڵ یەکیەتیی عیراقداین". ئەرگو، دوای ئەو پرسیارەی سەرەوەی، ئەم پرسیارە ئاراستەی نێچیرڤان بارزانی دەکات: "ئێوە تورکیا وەک مۆدێلێک دەبینن؟". بارزانی لە وەڵامدا دەڵێت: "بێگومان. تورکیا وڵاتێکی سێکولارە. من هەمیشە وام بیر کردووەتەوە، کە ئەمەش باشترین هەڵبژاردنێکە، خەڵک لە کۆماری تورکیادا کردوویەتی. لە دەڤەری بارزان، هەم کڵێسە و هەم مزگەوت هەیە. لە وڵاتی ئێمەدا پێویستیمان بە بیراز(ڕیفۆرم) هەیە، وەک ئەوەی، کە ئەتاتورک هێنایە ئاراوە"[1]. وەڵامەکانی دیکەی نێچیرڤان بارزانی، بۆ پرسیارەکانی دیکەی ئەلیف ئەرگو، تا ڕادەیەک چ سەرنج و تێبینییەکم لە سەریان نییە. ئەوەی بۆ من جێی سەرنجە، ئەو دوو وەڵامەی سەرەوەن، کە دەکرێ ئەم تێبینییانەم لە سەریان هەبێت:



1. پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ، "لە نێو عیراق"دا یا نە، بۆ خۆی هەر لە بنەڕەتەوە، پرسێکی هەڵەیە. مەبەستم واژەی"لە ناو عیراق"ەکەی پرسیارەکەیە. باشووری کوردستان، کە ئێستاکە بە نەخشە و سیاسەت و واقیع بووەتە بەشێک لە عیراق و سەرانی کوردیش پتر بە عیراقەوەی شەتەک دەدەن، لە ڕاستیدا بۆ خۆی وانییە، چونکە کورد بۆ خۆی لە سەر خاکی خۆیەتی و عیراقییانیش لە سەر خاکی خۆیانن. ئەو خاکەی، کە کوردی لە سەر دەژی، خاکێکە، وڵاتی نەتەوەیەکە و تایبەتمەندییەتی خۆی هەیە و بە تۆبزی لکێندراوەتە عیراقەوە و ئەو وڵاتە، ناوی کوردستانە. ئەو کوردستانەی، کە ئێستاکە بە عیراقەوە گرێدراوە، بۆ خۆی بەشێکی گچکەیە، لە وڵاتێکی گەورەتر و بەرینتر، کە نێوی کوردستانە. ئەو بەشەی کوردستان، کە بە عیراقەوە گرێدراوە، دەکەوێتە باشووری کوردستانە گەورە و بەرینەکەوە. کوردستان و عیراق دوو قەوارە و دوو خاک و دوو وڵاتی جیاوازن و بە تۆبزی، وەک دوو ژن و مێردی

---

[1]. ئەم دیدارە، ڕۆژی 2002/7/14، لە ڕۆژنامەی ڤەتەن(Vatan) ی تورکی، لە لایەن ئەلیف ئەرگو (Elif Ergu) وە ئەنجام دراوە و "وەڵات لەزگین"یش لە تورکییەوە کردوویەتییە ئینگلیزی و لە ماڵپەڕی www.kurdishmedia.com، لە ڕۆژی 2004/8/5.دا، بڵاو کراوەتەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

حەزلێکنەکەر پێکەوە لکێنراون. من پێموانییە نێچیرڤان بارزانی ئەو ڕاستییانە نەزانێت، وەلێ ڕەنگە نێچیرڤان بارزانی لە ئیستانبوولی تورکیادا و لەگەڵ ڕۆژنامەڤانێکی تورکدا، ئەو قسانە نەکات و پێیوابێت، بەوەی کە بڵێ:"نا"، بۆ دەوڵەتی کوردستان لە عیراقدا و هەرچەندی پێی بکرێت خۆی لە قەرەی باسی دەوڵەتی کوردستان نەدات، ئیدی سەلار و ئارام و نایاخی و مۆدێرن و...دێتە بەرچاو و بەو جۆرە دەدرێتە ناسین و لە کن تورکان دێتە قەبووڵ کردن. نێچیرڤان بارزانی، کە کاتی هەڕەشەکانی تورکیا، بە هاتنە ناوەوەی باشووری کوردستان، لە نێو خاکی تورکیاوە و لەبەردەم دەیان ڕۆژنامەڤان و پۆلیس و خەڵکانی سەر بە دەسەڵاتداریەتیی تورکیادا، زۆر ڕاشکاوانە، بانگاشەی ئەوەی دەکرد، کە ئەگەر تورکیا وەژوورکەوێتە نێو باشووری کوردستانەوە، ئەوا ئەوان"پارتی و حکوومەتی کوردستان و کورد" لە هێزەکانیان دەدەن و هەرگیز ڕێگەیان پێ نادەن، بۆ ناتوانێت ڕێکوڕەوان بۆ ڕۆژنامەڤانێکی تورکی ڕوونکاتەوە و پێی بڵێت، کە کوردستان، وڵاتێکی جیاوازە لە عیراق و ئێمە هەر کاتێک، ڕەوش لەبار بوو و بۆمان لوا، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، لە سەر خاکی خۆمان ڕادەگەیەنین. یا بڵێ، یەکیەتیی خاکی عیراق، پرسێکی هێندە پیرۆز نییە و هەر ڕۆژێک بێت، ئەو قەوارە فشۆڵ و سستە، کە پاشماوەی سیاسەتی کۆڵۆنیالیزمە و بە گوێرەی قانوونی گۆڕانی هەموو شتێک و بەرەوپێشچوون، بۆ خۆی هەڵدەوەشێتەوە و تێکدەچێت. من پێموانییە لە سەر وەڵامێکی وەها، نێچیرڤان بارزانی، لە تورکیا تووشی گرتن و ئەشکەنجە و دەردەسەری هاتبا و ئەگەر تورکەکان هەر زۆریشیان پێ کردبا، لە تورکیا وەدەریان دەنا. با وەدەریشیان نابا، چی ڕووی دەدا! ڕەنگە ئەویش وەک جەلال تاڵەبانی، کە چۆن لە سەر قسەیەکی خۆی ناتوانێت هاتوچۆی سووریا بکات، ئیدی ئەویش نەیتوانیبا هاتوچۆی تورکیا بکات! من لەو بڕوایەدام، وەدەرنانی لە تورکیا، نێچیرڤان بارزانی، لەو مرۆڤە سەلار و ئارام و مۆدێرنەوە، کە بە دڵی تورکیایە، دەکردە مرۆڤێکی یاخی، کە بە دڵی خەڵکی کورد دەبوو.

2. لە وەڵامی پرسیارەکەی دوای ئەوەدا، نێچیرڤان بارزانی دەڵێ:" بێگومان. تورکیا وڵاتێکی سێکولارە. من هەمیشە وام بیر کردووەتەوە، کە ئەمەش باشترین هەڵبژاردنێکە، خەڵک لە کۆماری تورکیادا کردوویەتی.". نێچیرڤان بارزانی، ڕێک وەک تۆ و من، باش دەزانێت، کە تورکیا وڵاتێکی سێکولارە، وەلێ تەنێ لە سەر کاغەز. سێکولار، وەک چەمکێکی سیاسیی، بە واتای ئەوە دێت، کە ئایین و دەوڵەت لە یەکدی جودا بن، تەواوی هاووڵاتییان ئازاد بن و لەبەردەم قانووندا چوونیەک بن و کەس بۆی نەبێت، ڕێگە لە ئازادی بیروباوەڕ بگرێت. لە وڵاتی سێکولاردا، ئەگەر هەر کەسێک، هەر بیروباوەڕێکی هەبێت و سەر بە هەر ئایدیۆلۆژیایەک بێت، لە هەڵبژاردندا بیباتەوە و بگاتە ئەوەی حکوومەت دامەزرێنێت، دەبێت قانوون بیپارێزێت و هیچ هێزێک نەتوانێت ڕێگەی لێ بگرێت. بە گوێرەی دیموکراسی و سێکۆلاریزمی ڕۆژاوایی، کە زۆرینە لە هەڵبژاردندا بردییەوە، ئیدی کەمینە دەبێ ملکەچ بێت بۆی و قایل بێت بەوەی، کە زۆرینە، کارگێڕیی حکوومەت بگرێتە دەست، کەچی، کە حیزبی ڕەفاه (دواتر بوو بە فەزیلەت) لە تورکیا، کە دیموکراسییانە و خۆراوایانە و سێکولاریستانە، لە هەڵبژاردندا بردییەوە و کارگێڕیی گرتەدەست، دواتر لەشکر، چونکە بۆ خۆی وەک دەسگایەک سەر بە خۆراوایە، بە فەرمانی ڕۆژاوای سێکولار، وەدەریان نان. دیارە ئەم کارە لە ئەلجەزائیریش ڕووی دا. هەر کە ئیسلامییەکان بە گوێرەی دیموکراسی ڕۆژاوایی و سێکولاریزم، لە هەڵبژاردندا بردیانەوە و دەبوو کارگێڕیی بگرنە دەست، ڕۆژاوا لێنەگەڕا و دەسبەجێ لێدران



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و ڕاوکران. لە چوارچێوەی دەوڵەتی سێکولاردا، هەموو بیروباوەڕێک و هەموو ئایین و ئایدیۆلۆژیا و ڕەنگ و ڕەگەز و نەتەوە و خەڵکێکی جیاواز جێیان دەبێتەوە، ئەوە دەوڵەتە ئایینی و دیکتاتۆری و نەتەوەییە شۆڤینیستەکانن، کە ڕێگە لە هەموو بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا و جیاوازییەکان دەگرن و تەنێ ئەوەی خۆیان بە ڕاست دەزانن و تەنێ ئەوەی خۆیان پیرۆز دەکەن. ئەو تورکیایەی، کە نێچیرڤان بارزانی بە سێکولاری دەزانێت، تورکیایەکە، تێیدا، تەنێ تورک خاوەنی هەموو شتێکە و تەنێ بۆ تورکە. نێچیرڤان بارزانی، پێیوایە، ئەو سیستەمەی، کە ئێستا لە تورکیادا پیرۆز دەکرێت، خەڵکی تورکیا بۆ خۆیان هەڵیانبژاردووە. نەخێر وانییە، ئەو سیستمە، کاتی خۆی ئەتاتورک هێناویەتییە گۆڕێ و بێ ئەوەی پرس بە کەس بکات و دەنگدانی بۆ بکات دایمەزراندووە و بە سەر خەڵکیدا سەپاندووە. ئەو سیستمە لەبەر ئەوەی بنگەیەکی گەلیری توندوتۆڵ و بەهێزی نییە و بە سەر خەڵکی تورکیادا سەپێنراوە و تەنێ لە سەر کاغەز و لە نێو کتێباندا باسی سێکولاریزم و ئازادی بیروڕا دەربڕین هەیە، لەشکر هەر کاتێکی بیەوێت زۆر بە هاسانیی دەتوانێت، بارگەوبنەی هەرچی سێکولاریزم و دیموکراسی هەیە بپێچێتەوە و لە ئاوەڕۆی لە بیرچوونەوەوە ئاوەودیوی بکات. ئەو سیکولاریزمەی تورکیا، کە نێچیرڤان بارزانی، پێی سەرسامە و سەری سوور دەمێنێت پێی و پێی دەحەپەسێت، بۆ بیست بیستوپێنج میلیۆن کوردی باکووری کوردستان چ خێروبێرێکی هەبووە و هەیە! هەر لە پەنای ئەو سێکولاریزمەدا و لە دەسپێکی پەیدابوونی ئەو سێکولاریزمەوە و بە ناوی سێکولاریزمیشەوە، کورد لە باکووری کوردستاندا، هەمیشە لە ژێر چەوساندنەوە و کوشتن و قڕکردن و ڕاگواستن و پاکتاوی ڕەگەزی و گوندڕووخاندن و زیندان و هەموو جۆرە ستەمێکی دیکەدا بووە و کەمترین مافێک، کە لە وڵاتانی سێکولاری ئەوروپادا، ئاژەڵی کێوییش نەک هەر ماڵیی هەیەتی، کورد لە سایەی ئەو سیستمە سێکولارەی تورکیادا، کە نێچیرڤان بارزانی پێیوایە، خەڵکی تورکیا بۆ خۆیان هەڵیانبژاردووە، نەیبووە و نییەتی. کەواتە سێکولاریزم و دیموکراسییەک، کە تورکیا بانگاشەی بۆ دەکات، لە درۆیەکی گەورە زیاتر شتێکی دیکە نییە. وەنەبێ تەواوی نەتەوەی تورکیش لەو ڕێژیمە بەناو سێکولاریستەی خۆیان ڕازی بن. ڕەنگە لە ڕووی نەتەوەیی و تورکبوونەوە، مرۆڤێکی ئاسایی تورک، چ کێشە و گیروگرفتێکی نەبێت، لێ لە ڕووی چینایەتی و جیاوازیی بیروباوەڕەوە، بە تایبەت ئەگەر برێک بە لای چەپدا ئاوڕ بداتەوە، سەدان کێشە و دەردەسەریی بۆ ساز دەکرێت و ژیانی لێ دەکرێتە دۆژە. هەر کەسێکی کورد و نەمازە سیاسەتکارێکی کورد، ئەگەر پێیوابێت تورکیا دەوڵەتێکی سێکولارە، بێجگە لە چاونووقاندن و خۆگێلکردن لە ڕاستی، شتێکی دیکە ناگەیەنێت.

3. نێچیرڤان بارزانی لە درێژەی وەڵامەکەیدا دەڵێت:" لە دەڤەری بارزان، هەم کڵێسە و هەمیش مزگەوت هەیە.". زۆرم پێ سەیرە نێچیرڤان بارزانییەک، کە سەرۆکی حوکوومەتی کوردستان بێت و خۆی بە نوێنەری باشووری کوردستان بزانێت و بە نێوی خەڵکی ئەوێوە قسان بکات، پێیوابێت تەنێ لە دەڤەری بارزاندا هەم کڵێسە و هەم مزگەوت هەن. ڕاستە لە دەڤەری بارزان وایە، بەڵام ئەدی لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان وانییە! بێگومان هەموو جێگەیەکی کوردستان هەروایە. لە کەرکووکی کوردستان، بێجگە لە یەک جۆرە کڵێسە، کە ڕەنگە لە دەڤەری بارزان تەنێ یەک جۆر هەبێت، چەندین جۆری کڵێسەی کلدان و ئاشووری و ئەرمەنی و کاتۆلیک و ئەرتۆدۆکسی فەلە و مزگەوتی موسوڵمانی سوننە و حوسەینی موسوڵمانی شیعە و جەمخانەی یارسان هەن. لە خانەقینی کوردستانیش، کڵێسە و مزگەوت و حوسەینی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەن. لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و زاخۆ و شەقلاوە و هەریر و کۆیە و هەموو شوێنەکانی دیکەی کوردستان کڵێسە و مزگەوت بە تەنیشت یەکەوەن. تا جوولەکەش لە کوردستاندا بوون، پەرستگای ئەوانیش بەتەنیشت ئەوانەی ئیسلام و عیسایی و یارسان و ئێزدییەوە هەبوون. دەمەوێ ئەو بڵێم، کە دیاردەی بوونی کڵێسە و مزگەوت لەگەڵ یەکدا، شتێکی تایبەت نییە بە دەڤەری بارزان و لە هەموو کوردستان وایە. نیچێرڤان بارزانی، دەبوو لە بری وشەی"دەڤەری بارزان"، بیگوتبا، لە هەموو کوردستاندا، کڵێسە و مزگەوت، پێکەوەن، بۆ ئەوەی پتر جەختی لە سەر، کراوەیی و دڵگەورەیی و دڵفرەوانی و بەریندیدیی، کورد وەک نەتەوەیەک کردبا، بە تایبەت کە کەسیی بەرانبەری ڕۆژنامەڤانێکی تورک بوو.

4. نێچیرڤان بارزانی دواتر لە درێژەی وەڵامەکەیدا، دەڵێ: "لە وڵاتی ئێمەدا پێویستیمان بە بیراز (ڕیفۆرم) هەیە، وەک ئەوەی، کە ئەتاتورک هێنایە ئاراوە". ئەتاتورک، کە لە 1923دا، بوو بە یەکەم سەرۆککۆمار و فەرمانڕەوای کۆماری تورکیا، هەر لە سەرەتاوە ویستی، تورکیا بکاتە دەوڵەتێکی نەتەوەیی(ناسیۆنالیست) تورکی. ئەو دەوڵەتە، بە ناو وەک دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەورووپا بێت، لێ لە ناوەڕۆکیشدا دەوڵەتێک بێت، تەنێ بۆ تورک و ئەوەیشی لە نێو نەخشەی تورکیادا دەژی، دەبێ بتوێنرێتەوە و بکرێتە تورک. بێجگە لەوەی تەواوی ئابووریشی خستە ژێر دەستی دەوڵەتەوە، سێکۆلاریزمیشی هێنایە گۆڕێ و هەندێک قانوونی هێنایە گۆڕێ و لەوێدا و تەنێ لە سەر کاغەز، پرسییەکسانی ژن و پیاو خرایە بەرباس و بوو بە قانوون. ئیسلام، وەک ئایینی دەوڵەت لابرا، ئەوەش بوو بە هۆی ناڕەزاییەکی زۆر، لە لایەن خەڵکەوە، بەڵام لە 1928دا، ئەتاتورک گوێی بە قسە و ناڕەزایی خەڵک نەدا و ئیسلامی تووڕ دا و ئەلفبێی عەرەبی لابرد و ئەلفبێی لاتینی هێنایە جێی. ئەتاتورک، وەک لێی دەگێڕنەوە، وەک هەموو دیکتاتۆرێکی دیکەی ئەم جیهانە، کابرایەکی لووتبەرزی لەخۆبایی خۆپەسەندی دڵڕەق بوو. ئەتاتورک، تا مردنی لە 1938دا، بە شێوەیەکی دیکتاتۆری و بە زۆر و ستەم و بە دەستێکی ئاسنین، فەرمانڕەوایی تورکیای کرد. ئەتاتورک، هەر لە دەسپێکی دەسەڵاتگرتنەدەستییەوە، لەشکری کردە کەڵەگا و بە سەر خەڵکی تورکیایدای سەپاند. تا ئەورۆیش هیچ بڕیارێک، هیچ گۆڕانێک، هیچ هەنگاوێک، لە تورکیادا نادرێت و ناکرێت و نانرێت، بێ لەشکر. لەشکر دەتوانێت، هەموو شتێک هەڵوەشێنێتەوە و دەتوانێت هەموو شتێک بە ئارەزووی خۆی ئەنجام بدات. ئەتاتورک بۆ خۆی دامەزرێنەری ئەو لەشکرەیە. ئەو لەشکرەی ئەتاتورک، هەر ئەو لەشکرەیە، کە پتر لە هەشتا ساڵە، چۆکی لە سەر سنگی نەتەوەی کورد داناوە و سواری سەری نەتەوەی کورد بووە و خاکی کوردستان دەسووتێنێت و وێران دەکات. ئەو لەشکرەی ئەتاتورک، هەر ئەو لەشکرەیە، کە لەوەتی هەبووە و هەیە، گچکەترین دەرفەت و هەلی بۆ کورد، لە هیچ کوێیەکی کوردستاندا نەهێشتووەتەوە. ئەتاتورک و تورکیا و ڕێژیمە سێکولاریستەکەیشی، ئەوانەن کە لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا، ئەگەر دەستیان بڕوات، ڕێگە بە هەناسەدانی یەک تاکە کورد نادەن. زیانمەندی هەرە مەزنیش لە تورکیا و ئەتاتورک و سێکۆلاریزم و ڕیفۆرمەکەی، کە نێچیرڤان بارزانی، بە سەرسامییەوە باسی دەکات، کورد بووە. کورد لە سەر دەستی ئەتاتورک و بێچوەئەتاتورکانی ئەو وڵاتە، هەرگیز ڕۆژێکی خۆشی بە خۆیەوە نەدیوە و هەردەم هەوڵی تواندنەوە و لەنێوبردنی دراوە. ئەوەی، ئەورۆ تەواوی ڕێگە و کون و قوژبن و ڕێچکەکان، لەبەردەم پرسی کورد و ئاوات و خواستی کورد و داهاتووی کوردستاندا دادەخات و بەری پێ دەگرێت، ڕێژیمە سێکۆلارەکەی تورکیای ئەتاتورکە. ئەوەی ئەورۆ ڕێگرە لەبەردەم گچکەترین و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەورەترین ویست و خواستی نەتەوەیی کورددا و گچکەترین ماف بە نەتەوەی کورد ڕەوا نابینێت و لێناگەڕی کورد بگاتە هیچ ئامانجێکی، ڕێژیمە سێکولارەکەی تورکیای ئەتاتورکە. تورکیایەک، کە بە کردنەوەی بەشێکی زارۆکان، بۆ دە پازدە زارۆکی کورد و دانانی دوو سێ لەلە و مامۆستای کورد بۆیان، لە باخچەی منداڵانێکی گەڕەکی تێنستا(Tensta)ی شاری ستۆکهۆڵمی سوێددا، دنیای لێ هاتە یەک و تێکچووبوو و خەریکبوو شێت و هار بێت. باڵیۆزخانەکەیان لە ستۆکهۆڵم و وەزارەتی کاروباری دەرەوەیان حوکوومەتەکەیان لە ئەنکەرە، هاواریان لێ هەڵسا و ناڕەزاییان دەربڕی و خەریکبوون، لەگەڵ سوێددا لە سەر ئەو باسە، تێکی دەن و پێوەندەکانیان بپچڕن و ئەگەر پێیان کرابا، ئەو باخچەی منداڵانەیان بۆمبباران دەکرد و هەرچی ئەو منداڵانەش هەن هەموویان لە ناوەندی باژێڕی ستۆکهۆڵدا هەڵدەواسین. تورکیایەک هێندە بەرچاوتەنگ و نامرۆڤانە بێت، چۆن دەکرێ نێوی سێکولاری لێ بنرێت و بە سەرسامییەوە باسی لێوە بکرێت!. کە نێوی بیرازکار و چاکساز و سێکولار، لە ئەتاتورک دەنرێت، تۆپەڵێک پرسیار لە مێشکی هەر یەکێک لە ئێمەدا سەر هەڵدەدات: ئایا دامەزراندنی دەوڵەتێک لە سەر بنەمای بیرێکی نەتەوەیی شۆڤینیستی و پێڕۆ و لاساییکردنەوەی نازیزم و فاشیزم، کە ئەتاتورک کردوویەتی، دەکرێ بە بیراز و چاکسازی دابنرێت؟ ئایا گۆڕینی تیپی عەرەبی بۆ تیپی لاتینی، کە گەورەترین زیانی بەرلەهەرکەس بە کورد گەیاند، دەشێ بە بیراز و چاکسازی دابنرێت؟ ئایا قەدەغەکردنی پۆشاکی باو و نەریتیی خەڵکی تورکیا و لە سەرنانی تەپلەی ئەورووپایی و پۆشینی پانتۆڵ و چاکەتی ڕۆژاوایی، کە کورد لە هەرکەسێکی دیکە تێیدا زیانمەندتر بوو، دەشێ بە چاکسازی و ڕیفۆرم بێتە ژماردن؟ ئایا سەپاندنی لەشکر و داپڵۆسینی هەموو دەنگێکی جیاواز و تاساندنی هەموو ناتورکێک، چاکسازی و بیرازە؟ وڵاتێک ئەو هەموو لەشکر و پۆلیس و دەسگای نهێنی و سیخوڕییانە و هێزی داپڵۆسێنەر و قڕکردنەی هەبێت، چۆن دەشێت بە وڵاتێکی دیموکراتی و سێکولار بژمێردرێت! چەندە سووریا و ئیسرائیل و عیراق و لیبیا و سوودان و عەرەبستانی سعوودی و ئێران و ئەڵمانیای سەردەمی هیتلەر و نازیزم و ئیتالیای سەردەمی مۆسۆلینی و فاشیزم و ئیسپانیای سەردەمی فرانکۆ و چیلیی سەردەمی پینۆشێ و خوارووی ئەفریقای سەردەمی ئەپارتاید، سێکولار بوون و سێکولارن و دیموکرات بوون و دیموکراتن و دەکرا و دەکرێ وەک نموونە و مۆدێل چاویان لێ بکرێت، هەر هێندەش تورکیا هی چاولێکردن و بە نموونە و مۆدێل وەرگرتن و بە سێکولار ژماردنە. مرۆڤ چۆن دەتوانێت، ئەتاتورکێکی دیکتاتۆری لێ ببێت بە چاکساز و بیرازکار و چۆن دەتوانێت، بە وەها ڕێژیمێکی شۆڤینیست، سەرسام بێت و چۆن دەتوانێت تورکیایەکی ناسیۆنالیستی ڕەگەزپەرست بە مۆدیلی دەوڵەت و دەسەلات و فەرمانڕەوایی بزانێت!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



دیاره ئەم سەرسامبوونەی نێچیرڤان بارزانی بە ئەتاتورک و سێکولاریزمی تورکیا، دیاردەیەکی نوێ نییە لە سیاسەت و بۆچوونی سەرانی کورددا. سەرانی کورد، گەلێک جاران، سەرسامبوون و واقوڕمان و حەپەسانیان، بەرانبەر دەوڵەتە داگیرکارەکانی دەوروبەری  کوردستان و سەرانی ئەو دەوڵەتانە و شێوەی فەرمانڕەواییان، دەربڕیوە و نواندووە. پێموایە زۆرینەی ئێمە، چەندین جار، پەسندان و بە باشەباسکردن و سەرسامبوون بە سەددام حوسەین(صدام حسين) و حافز ئەلئەسەد(حافظ الاسد) و سۆسیالیزمی عەرەبی(الاشتراكية العربية)ی ناسرییەکانی مسر و عیراق و ڕێژیمی شای ئێران و دواتریش کۆماری ئیسلامی ئێران و کەمالیزم و ڕێژیمەکانی تورکیا و سووریا و عیراق و ئێرانمان، لە سەرانی کوردەوە، مەبەستم لە زۆرینەیانەوە گوێ لێ بووە. ئیدی، سەرانی کوردی عیراق، پەسنی فەرمانڕەوایان و ڕێژیمەکانی تورکیا، سووریا، ئێران و تەنانەت عیراقیشیان داوە. سەرانی کوردی ئێران، پەسنی فەرمانڕەوایان و ڕێژیمەکانی عیراق و سووریایان داوە. سەرانی کوردی تورکیا، پەسنی فەرمانڕەوایان و ڕێژیمەکانی عیراق، سووریا، ئێران و تەنانەت تورکیاشیان داوە. سەرانی کوردی سووریا، پەسنی فەرمانڕەوایان و ڕێژیمەکانی عیراق، ئێران، تورکیا و تەنانەت سووریایشیان داوە. سەرسامبوونی سەرانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان، بە دەوڵەتان و سەرانی دەوڵەتانی داگیرکارانی کوردستان، تەنێ لە سنووری  سەرسامبووندا ڕانەوەستاوە، بەڵکە گەلێک جاران، گەیشتووەتە ئەوەی، کە نۆکەرییان بۆ بکەن و ڕاوی کوردی دیوەکەی دیکەی کوردستانیشیان بۆ بکەن. هەر سەران و سیاسەتکارانی کورد نەبوونە، کە بە ئەتاتورک و خەڵکانی وەک ئەتاتورک سەرسام بوون، لە نێو خەڵکانی ڕووناکبیری کوردیشدا ئەو دیاردەیە وەدی کراوە و دەکرێت. ئەو دیاردەیە هەر لە کۆنەوە هەبووە و  سەدان کەسی پێشەنگی فەرهەنگیی کوردیی، کە ئێستاش کورد بە فریشتە و پێشەوای جڤاکیان دەزانێت، سەرسامی ئەتاتورک و ئەتاتورکان بوون و کۆلێک بە نموونە و پێشەنگ و چاولێکراویان زانیون. ئەم سەرسامبوون و ئیعجابەی نێچیرڤان بارزانی و تەواوی سەرانی دیکەی کورد و بەشێک لە ڕەوشەنبیرانی کۆن و ئێستای کورد، بە فەرمانڕەوایان و ڕێژیمەکانی تورکیا، سووریا، عیراق و ئێران، بۆ خۆیان هەرچۆنێکی لێکدەدەنەوە، لە خۆبەکەمزانین و هەستکردن بە کێماسی زیاتر، ناکرێت ناوێکی دیکەی لێ بنرێت.

2004/9/4



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com